# ڕەنگدانەوەی بنەماکانی ڕێزمانی دێرین لە بازنەی سێیەمدا

# "لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە"

**ID No. 130**

(PP 1 - 18)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.2.1

**قەیس کاکل تۆفیق**
زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی ئاداب
qais.kakl@soran.edu.iq

**عەباس مکایل سەلیم**
پەروەردەی سۆران
abassaty2@gmail.com

**وەگـــــرتن : 2021/08/25**

**پەسندکردن : 2021/09/30**

**بڵاوکردنەوە : 2022/03/28**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەو خستنەڕووی بۆچونەکانی ڕێزمانی دێرین, هەوڵدراوە ڕێزمانی دێرین بناسێنێت و بنەما و بۆچوونەکانی شیبکاتەوە. سەرەتای درککردن بە بیری زمانەوانی, بۆچوونی زمانەوانی بەهەر شێوازێک بێ هەبووە, بەڵام وەک زانستێکی سەربەخۆ خۆی نەنواندووە. ڕێزمانی دێرین لەو ماوە دوور و درێژەیدا هەندێ بۆچوون و ڕێگە و شێوازی لەخۆگرتبوو, بۆ لێکدانەوەی یاسا زمانییەکان بەکاردەهێنراو بنەماکانی خۆی نواندووە, سودی بۆ زانستی زمان هەبووە.

دوای جێگیربوونی زمانەوانی وەک زانستێکی سەربەخۆ, چەندین ڕەخنە و کەموکوورِیی لەو ڕێزمانە گیراوە وایان کردووە چەندین قوتابخانە و تیۆر و بۆچوونی دیکەی ڕێزمانی سەرهەڵبدەن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ هەوڵەکانی ڕێزمانووسانی دێرین, بێ بایەخ بن, بەڵکو کێماسیدارن, بەتایبەتی لەڕووی ڕێزمان و دانانی یاسا ڕێزمانییەکان. کارەکانیان بووە بە بناغەیەک بۆ لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانان.

**وشە کلیلەکان:** مێژووی ڕێزمانی دێرین, بنەماکانی ڕێزمانی دێرین, کتێبەکانی بازنەی سێیەم.

## 0) پێشەکی:

### 0-1) ناونیشانی توێژینەوە:

بریتییە لە (ڕەنگدانەوەی بنەماکانی ڕێزمانی دێرین لە بازنەی سێیەمدا) هەوڵێکە بۆناساندنی ڕێزمانی دێرین و مێژووەکەی, هەروەها شیکردنەوە و خستنەڕووی بۆچوون و بنەماکانی و ڕەنگدانەوەیان لە بازنەی سێیەم, زاراوەی بازنەی سێەم بۆ پۆلەکانی (7 و 8 و 9)ی بنەڕەتی بەکاردێت.

### 0-2) گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە سروشتی ناونیشانەکەیەوە ڕەنگدەداتەوە. دەیەوێت وەڵامی ئەوپرسیارە بداتەوە تا چەند کتێبەکانی بازنەی سێیەم بە پێی بنەماکانی ڕێزمانی دێرین نوسراون. تا ئەوکاتەی ئێمە لێی ئاگادار بین, ئەم توێژینەوەیە کارێکی نوێیە, لە خستنەڕووی یان ڕەنگدانەوەی بنەماکانی ڕێزمانی دێرین لە ڕێزمانی خوێندنگاکاندا, هەروەها وەک پێویست پەروەردەناسان و توێژەران و شارەزایانی بواری زمانەوانی, ئاوڕێکی باشیان لێنەداوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوانەی بیانەوێت لە بازنەکانی دیکەی خوێندندا کار لەسەر ئەو پرۆژەیە بکەن و زیاتر دەوڵەمەندی بکەن.

### 0-3) ڕێباز و کەرەستەی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیە پەیرەوی ڕێبازی (وەسفیی - شیکاریی) کراوە, ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە بووە, کە پەسنی ڕێزمانی دێرین و کەموکوورِییەکانی ئەم ڕێزمانەو چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێزمانی قوتابخانەکان باسکراوە. کەرەستەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەکتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی). هۆکاری هەڵبژاردنی بازنەی سێیەم زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە, کە بەشی زۆری بابەتە هاوبەش و ڕێزمانییەکان لە بازنەی سێیەم کۆبونەتەوەو بەشی زۆرتر بۆچوون و بنەماکانی ڕێزمانی دێرینی تیادا ڕەنگداوەتەوە.

**4-0) پرسیاری توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە, ئایا ڕێزمانی بازنەی سێیەم کەوتۆتە ژێر کاریگەری بۆچوون و بنەماکانی ڕێزمانی دێرین؟ و کاریگەرییەکەی چەندە؟ بۆچی تا ئێستا بەردەوامی هەبووە؟ چ گرفتێک بۆ قوتابی دروست دەکات, بە تایبەت کاتێک, کە دەچێتە قۆناغی خوێندنی زانکۆ. بۆچی تاکو ئێستا هەوڵی گۆڕانکاری ڕیشەیی نەدراوە؟

**5-0) ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە. لەبەشی یەکەمدا مێژوو و چەمک و زاراوەی ڕێزمانی دێرین ڕوونکراوەتەوە. لەبەشی دووەمیشدا ئەو بنەماو بۆچوونانەی ڕێزماننووسانی دێرین, کە کردبوویان بە بناغەی کاری خۆیان ئاماژەیان پێکراوە, ئینجا ئەو بنەمایانە تاچەند لە ڕێزمانی بازنەی سێیەمدا ڕەنگیداوەتەوەو کاریگەری هەبووە لەسەر بەکاربەرانی ئەو ڕێزمانە.

**1 - ڕێزمانی دێرین, مێژوو, چەمک و تێڕوانین:**

لێکۆڵینەوە لە زمان مێژوویێکی کۆنی تۆمار کردووە, ئاماژە بە زانیاری و سەرچاوەکان, دەسپێکی ڕێزمانی دێرین, مێژووەکەی لە سەردەمی, هندییە کۆنەکان دەست پێکردووە, ئینجا گریک و ڕۆمان و عەرەب و سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی بوژانەوە, هەردوو سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم, تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی. ڕێزمانی دێرین بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ لە ئەوروپا و چەند شوێنێکی دیکەی جیهان بۆ شیکردنەوەی یاسا زمانییەکان بەکارهێنراوە. لەگەڵ دەرکەوتنی تیۆرییە نوێیەکان, کەموکوورییەکانی ئەم رێزمانە بەدەرکەوتن. (مؤمن, 2005, 5)

ڕێزمانی دێرین, لەکوردیدا جگە لەم زاراوەیە, زاراوەی ڕێزمانی چاولێکەریی و ڕێزمانی نەریتییانە و ڕێزمانی کۆن, بۆ بەکاردەهێنرێت. ئەم ڕێزمانە, وەک زانراوە بە یەکێک لە دیارترین و مەودا درێژترین قوتابخانەی زمانەوانی دادەنرێت, سەرباری ئەوەی, کە یەکەمین وردبوونەوەی زانستی و دەسپێکی توێژینەوەی زانستییانەی زمان لەم قوتابخانەیە دەستپێکردووە. دوای بەسەرچوونی چەند هەزار ساڵێک بەسەر بنەما و بیرۆکەکانی ڕێزماننووسانی دێرین, تاوەکو ئێستا لەنێو زۆربەی زمانەکانی جیهاندا, سوود لە هەندێ لە بنەما و بیرۆکەکانیان وەردەگیرێت, بەو پێیە ئەو دەسکەوتانەی ئەوان پێگەیشتوون, تاوەکو ئەمڕۆ لە نێوەندی زمانەوانیدا, بەها و نرخی خۆیان لە دەست نەداوە. ئەمڕۆ دوای بەسەرچوونی چەند سەدەیەک, تاکو ئێستاش بنچینە و دابەشکراوەکانی ئەو ڕێزمانە لەبەشێکی ڕێزمانی خوێندنگاکان دەخوێندرێت. سەرباری بوونی کۆمەڵێک سەرنج و ڕەخنە لەسەر ئەم ڕێزمانە, کە بوونەتە جێگەی مشتومڕی زمانەوانە کوردەکان و بیانییەکان.

**1-1) زمانەوانی لای هیندییەکان:**

هیندییەکان بە یەکەم کەس دانراون, کە لەزمانیان کۆڵیوەتەوە, ئەویش زیاتر لەڕێگای هەستی ئاینییەوە, بۆ پاراستنی کتێبە پیرۆزەکەیان لەژێر ناوی (ڤیدا), کە بەچاوێکی پیرۆز دەیانڕوانییە ئەو کتێبە, کە بەزمانی سانسکریتی نوسرابوو. ئەم زمانەی (ڤیدا) لەڕێگای بایەخی هەستی ئاینییەوە ڕۆژانە بەکاریان دەهێنا, تا وای لێهات بوو بەزمانێکی فەرمی و ئەدەبی کە لەبوارەکانی زانستی و هونەری و بۆنە ئاینییەکان بەکاردەهات. (پانینی) زمانەوانێکی گرنگی ئەو سەردەمە بوو, کتێبێکی بەناوی (Ashtadhyayi) هەشت بەش دانا, ئەم کتێبە لە ڕووی زمانەوانییەوە بایەخی خۆی هەبووە, تیایدا چارەسەری یاساکانی ڕێکخستنی دەنگەکان و وشەسازی و ڕستەسازی کردووە. بەڵام زیاتر بایەخ بە لایەنی دەنگسازی دراوە, هیندییەکان وا سەیری ڕێزمانیان کردووە, کەوا خوێندن و لێکۆڵینەوەیە لە بەشەکانی ئاخاوتن, هەروەها دەیانڕوانییە دروستبوونی وشە و گۆڕانکارییەکانیان, جیاوازیان کردووە لە نێوان بەشەکانی ئاخاوتن, کە بریتیی بوون لە (ناو, کار, ئامرازی پەیوەندی, کەرەستەکانی دی). ( شنوقة, 2008, 13).

**2-1 زمانەوانی لای یۆنانییەکان:**

سەرەتای بیرکردنەوە لە زمان بۆ بەشێک لە گفتوگۆکانی ئەفلاتون و کراتیلۆس دەگەڕێتەوە. کراتیلۆس بە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی مێژووی زمان دەژمێردرێ و کۆنترین لێکۆڵینەوە لەبارەی زمان, کە مابێتەوە بریتیی بووە لە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان؛ دەربارەی بنچینەی زمان و سروشتی واتا. ئەفلاتون لەو نوسینەیدا بایەخێکی زۆری بە بنچینەی وشە داوەو و تیایدا هەندێ پرسیاری گرنگی خستۆتەڕوو, ئایا پەیوەندی لە نێوان سروشتی وشە و ناولێنراودا هەیە؟ یان پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو پەیوەندییەکی لە خۆوەیە و هۆیەکی کۆمەڵایەتییە؟ یۆنانییەکان کاریتەیەکی بەهێزبوون لە بواری لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان, بەسەرچاوەیەکی گرنگ

دادەنرێن لە ڕووی بایەخدانیان بە لێکۆڵینەوەی زمان, چونکە هەوڵیانداوە لە بناغەو مێژووی زمان بکۆڵنەوە. زمانەوانی بەتایبەتی لە بوارەکانی ڕۆنانی ڕستە و بەشەکانی ئاخاوتن, لای گریکەکان, دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بیرەکانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و ڕەواقیەکان. ئەم باوەڕانە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەگەڵ ئەو بیرانەدا تێکەڵ بوون کە لەبارەی سروشتی واتا خرانەڕوو. (عەلی, 2014, ل13)

(تراکس) ڕێزماننووسێکی سەردەمی یۆنانییەکان بوو. کتێبێکی کورتی (30) لاپەڕەیی لە بارەی ڕێزمان نووسی. کۆنترین پێناسەی ڕێزمان, تاکو ئێستا زانراو بێت و دەستمان پێی گەیشتبێت بۆ یەکەم جار ڕێزمانی بە زانستێکی سەربەخۆ دانا, سەرەڕای کورتیی کتێبەکە, بوو بە بناغەیەکی بەهێز بۆ گشت ئەو ڕێزمانووسانەی یۆنانی و لاتینی, کە بەدوای ئەودا دەهاتن. تراکس بەم شێوەیە باسی ڕێزمانی کردووە: ((ڕێزمان بریتییە لە زانیارێکی ئەزموونی لە بەکارهێنانەکانی زمان کە بەگشتی ئامادەگی هەیە لەنێو شاعیران و پەخشان نووسەکان)) (Thos, 1874, 326) . بەپێی ئەم پێناسەیە ڕێزمان لە شێوەی زمانی پیاوە مەزنەکان و شاعیر و پەخشان نووسەکان دادەڕێژرێت و لە خزمەتی زمانی ئەواندا بووە.

لە سەدەی چوارەمی پێش زایین, ئەرستۆ بناغەی ڕێزمانێکی دانا, کە دواتر لە یۆنانی سەردەمی خۆی و ڕۆمان لە ڕۆژئاوا و ئەوروپا برەوی پێدرا و بوو بە سەرمەشقێک بۆ نوسینی ڕێزمانی ئەوروپی و ڕۆژئاوا بەگشتی. کە تاکو ئێستا بنچینە و زاراوەکانی لە زۆربەی خوێندنگاکاندا بە وانە دەگوترێتەوە. (باطنی, 1993, ل17)

بە پێی تێڕوانینی ئێمە, ئەوەی تاکو ئێستا باوە, یۆنانییەکان لە بوارەکانی فەلسەفە و پەروەردە و بەڕێوەبردن و زمان و بواری زمانەوانیی بە سەرچاوەی زانست و زانیاری و لانکەی شارستانیەت ناوبانگیان دەرکردووە, کە بەشێوەیەکی چالاکانە بایەخیان بە لێکۆڵینەوەکان داوە و بوون بەسەر مەشق, بۆ نەوەکانی دوای خۆیان دوای چەندین ساڵ.

**3-1) زمانەوانی لای ڕۆمانییەکان:**

ڕۆمانییەکان, لە ڕووی مێژوو و بایەخی زمانەوانی لەدوای یۆنانییەکان هاتوون. دەتوانرێ بە قوتابی گریکەکان هەژماربکرێن, لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر بنەماو یاساکانی یۆنانی ئەنجامداوە, بەڵام بە زمانی لاتینی بووە. زمانی لاتینی؛ زمانی سەرەکی گشت زمانە ڕۆمانییەکانی ئەو سەردەمە بوو, وەک: فەرەنسی و ئیسپانی و ئیتالی و پورتوگالی و ڕۆمانی. (هەرشمی, 2009, ل35)

لە گرنگترین ڕێزماننووسانی ڕۆمانی, کە بەرهەمەکانیان لە بابەتی ڕێزمان و وانەی زمانەوانییدا کتێبی سەرەکی بوون, بۆ ماوەی چەند سەدەیەک بوون بە کتێب و پرۆگرامی وانە وتنەوە, ئەوانیش بریتی بوون لە:

**1- ئیلیۆس دیناتۆس:** ڕێزمانەکەی بەناوی هونەری بچووک (فن الصغیر) بوو.

2- **پریسکیانوس:** کتێبەکەی لە بیست بەش پێک هاتبوو, لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە شیاوترین و کاملترین ڕێزمانی لاتینی دادەنرا لەو قۆناغەدا. (باطنی, 1993, 18). دەرکەوتووترین نوسەری ڕۆمانییەکان (ڤارۆ) بوو, کە هزرو ڕۆشنبیریی یۆنانی بۆ ڕۆمان دەگواستەوە, بەتایبەتی لە بواری زمانییەوە, هەروەها کتێبێکی لەبارەی ڕێزمان دەرکرد بە ناوی (زمانی لاتینی) لەو کتێبەیدا بایەخ بە ڕێزمان درابوو.(فەرهادی,2013, ل104).

**4-1 زمانەوانی لە سەدەکانی ناوەڕاست (4 بۆ 14):**

لە سەدەکانی ناوەڕاست تا سەردەمی بووژانەوە, هەروەک سەدەکانی پێشوو زمانەوانی بە بارێکی زۆرباش تێنەپەڕیووە, ئەوەی هەبووە تێکەڵ بە فەلسەفە و لۆژیک کراوە, بۆیە ڕێزمانی سەدەکانی ناوڕاست ڕێزمانێکی شیاو نەبوو, کە بە کەڵکی گوتنەوەی زمان بێت, چونکە ڕێزماننووسان و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە بەدوای شیکردنەوەی فەلسەفەی یاسا ڕێزمانییەکاندا سەرگەردان بوون, بە بڕوای ئەوان کاری ڕێزمانی تەنها پەیوەست کرابوو بە فەیلەسوفەکان, کەسانی دی بۆیان نەبوو قسە لەسەر یاسا ڕێزمانییەکان بکەن و کاری تیادا بکەن .(السعران, ب-س,چ, ل324)

هەر لەو سەدەیە, قوتابخانە و زانکۆکان, بابەتەکانی (ڕێزمانی لاتینی و ڕەوانبێژی و لۆژیک) یان دەخوێند, چونکە تەنیا ئەم سێ لایەنە لە ئارادابوون, ئەو بابەتە بەردەستانەش بۆ ئەو کەسانە فەراهەم کرابوون کە لە پلە باڵاکان و کەسانی ئاینیی بوون, لەبەر ئەوەی ئەوانە دەمڕاست و بڕیار بەدەست بوون. لە ئەنجامی ئەو تاکڕەوییەی لاتینییەکان, بووە هۆی ئازاد بوونی هەندێ لە زمانەکان بە تایبەت زمانی فەرەنسی, کە دەیویست ڕێزمان بۆ زمانی نەتەوەیی بە کاربێنێت, بەڵام ئەوانیش ڕێچکەی لاسایی کردنەوەیان بەرنەدا بە تایبەت لە گواستنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن ئەویش درێژەدان بە بنەمای پیرۆزیی و پاراستنی هەشت بەشەکانی ئاخاوتنی یۆنانی و ڕۆمانییەکان بوو.(هاریس, 2004, 18-19)

**5-1) زمانەوانی لای عەرەبەکان:**

زمانی عەرەبی، سەر بە خێزانی زمانی (سامی) یە، سەرەتای لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لای عەرەبەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی زایینی. دەرکەوتنی ئیسلام هۆکارێک بوو بۆ سەهەڵدانی پێکهاتە و کەرەستە زمانی و ڕێزمانییەکان، ئامانجی سەرەکی پێشکەوتنی زمانی عەرەبی، بۆ پاراستن و بڵاوکردنەوەی پەیامی قورئان بوو. لەبەرئەوە بەر لە بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام، لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆی زمانەوانی لەبارەی زمانی عەرەبی بەرچاو نەدەکەوت، کە شایەنی باسکردن بێت. (ناوخۆش، 260,2010)

بایەخدان بە بیرۆکەی ڕێزمان لەوکاتە سەریهەڵدا، کە هەوڵدرا ڕێگە لە بەکارهێنانی هەڵە لە نوسین و خوێندنەوەدا بگیرێت، تاکو بتوانن، بێ گرفت قورئان فێرببن و بخوێننەوە، لەو سەردەمەدا ئەم کارە بە (أبو ألأسود الدؤلی) سپێردرا. هۆکارێکی دی لە بایەخدان بە زمانی عەرەبی ئەوەبوو کە ئاینی ئیسلام لە وڵاتانی دیکەش بڵاوبۆوە کە شێوەی ئاخاوتنیان بە زمانی عەرەبی نەبوو. پسپۆڕانی ئەو سەردەمە بۆ نوسینی ڕێزمانی عەرەبی دەگەڕانەوە بۆ قورئان، ئینجا شیعری عەرەبی و وتە کۆنەکانیان دەکردە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەکانیان.(مؤمن، 2005، 34-35)

عەرەبەکان سێ بەشەئاخاوتنیان دەستنیشان کردووە (ناو، کار، پیت)، زیاتر جەختیان لەسەر لایەنی دەنگسازی و وشەسازی و فەرهەنگسازی کردۆتەوە. کتێبەکەی (سیبویة) بە ناوی (الکتاب) بە سەرچاوەیەکی گرنگی کتێبی ڕێزمانی هەژمار کراوە، باس لە دەنگسازی و ڕێزمانی عەرەبی کردووە، هەروەها چەند قوتابخانەیەک دامەزران، کە بەناوبانگترینیان هەردوو قوتابخانەی (بەسرە و کوفە) بوون. (دراج، 2003، 46-47)

6-1) زمانەوانی لەسەردەمی بوژانەوە:

لەگەڵ هاتنی سەردەمی بووژانەوە، بیری نەتەوایەتی گەشەی سەند. زمان وەک پێناسەی هەر نەتەوەیەک کەوتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. لەو پێناوەدا گەلان بۆ داڕشتنەوەی ڕێزمان کەوتنە کار. دەکرێ لەو سەردەمەدا بوترێ، بەهێزبوونی بیری نەتەوایەتی، کڵێسە و بیرە ئاینییەکان و بزاڤی فەلسەفەکاری بەرەو کاڵبوونەوە برد. کە زمانی لاتینی باڵی بەسەر گشت زمانەکاندا کێشابوو، لەوانە زمانەکانی وەک: (ئینگلیزی و ئیتالی و فەرەنسی و ئەڵمانی) بە چاوێکی کەمبایەخەوە سەیردەکران و بە زمانی ناشارستانی لە قەڵەم درابوون. لەگەڵ دەرکەوتنی سەردەمی بوژانەوە و دەرکەوتنی بیری ڕۆمانسی، بەچکە زارەکان و زمانە ناوچەییەکان، بوونە جێگەی بایەخ و لێکۆڵینەوەی زانایانی ڕێزمان. (فەتاح، 2010، 358)

**7-1) زمانەوانی لە سەدەی حەڤدەهەمدا:**

گرنگترین جموجۆڵی زمانەوانی سەدەی حەڤدەهەم دەرکەوتنی ڕێزمانی (پۆرت ڕۆیال) بوو کە کۆمەڵێک لە پیاوانی ئایینی کەنیسەی (پۆرت ڕۆیال) بە تایبەتی (ئارنۆڵد و لانسیلۆت)، لێکۆڵینەوەی زمانییان ئەنجامدا، بەرهەمێکی ڕێزمانییان لە بارەی (سینتاکسی گشتی و سینتاکسی لۆژیکی) بڵاوکردەوە، بەرهەم و چالاکییەکانیان زیاتر بایەخدان بوو بە هونەری ئاخاوتن، لەسەر ئەو بنەمایەی کە بنیادی بیر بنیادی زمان دەستنیشان دەکات.

لەو سەدەیە پرسی فەلسەفەکاری و زمان تێکەڵاوی یەکدی کران، هەندێ لە فەیلەسوفان زمانیان بە ڕەنگدانەوەی بیری مرۆڤ دادەنا. لە ئەنجامدا تێڕوانینیان بۆ ئەو بیرۆکەیە، بوو بەسەر مەشقێک بۆ ڕێزماننووسانی سەردەمی خۆیان و دوای خۆیان، کە بەمجۆرە بیربکەنەوە، دەبێ ڕێزمان بناغەیەکی لۆژیکی هەبێ و نابێ دەستورو بڕیارەکانی دژ بە حوکمەکانی لۆژیک بن. ئەوان پێیان وابوو بنەما لۆژیکییەکان لە هەموو زمانەکاندا یەکسانن و یەک پێوەریان هەیە، بەلایانەوە گرنگ نەبووە کە ئاخێوەر بە کامە زمان قسە دەکات، لەبەرئەوەی هەموو زمانەکان ئامانجیان یەکە، یەک هونەر دەنوێنن. بەو پێیە کە هەموو زمانێک هەر بیر دەردەبڕێت، ئینجا ئەو بیرکردنەوەیە بە زمانی ئینگلیزی یان عەرەبی یان کوردی یان هەر زمانێکی دیکە بێ، یەک تایبەتمەندی هەیە ئەویش پابەندە بە لۆژیکی عەقلی مرۆیی (باطنی، 1993، 20)

**8-1) زمانەوانی لە سەدەی هەژدەهەمدا:**

لەم سەردەمەدا بە تێپەڕ بوونی کات، بیروڕای کۆنی ڕێزمانی دێرین و پیرۆزی بنەماکانی گریکەکان و زمانی لاتینی لای ڕۆژئاواییەکان گۆڕا و وڵاتانی وەک: (فەرەنسا و ئیتالیا و ڕووسیا و ئسپانیا) ڕێزمانیان بە زمانی خۆیان نوسییەوە ئەو قورسایی و دەسەڵاتەی زمانی لاتینی وەک جاران هەیبوو بە پیرۆزی نەمایەوە. وایلێهات بیری نەتەوایەتی شوێنی ڕێبازی چاولێکەریی بگرێتەوە بۆ ئەوەی زانست و زمانەوانی و کایەکانی دی  بە زمانی یەکەمی خۆیان دابڕێژن. ئەو هەستە لای زانایان و ڕێزماننووسان گەڵاڵە بوو کە زمان وەک

دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت نەک لایەنێکی ئایینی, بۆیە باوەڕیان وابوو کە زمان و ڕێزمان شایستەی گەشەسەندن و گۆڕانن. (شوانی, 2009, 12)

لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا, لە ئەنجامی ئەو ئاراستە هزرییەی ئەوروپییەکان بۆ زمان و هەستی نەتەوایەتی, زمانەکان بەرەو گەشەسەندن هەنگاویان نا, بە تایبەت زمانی ئینگلیزی گەیشتە ئەو ئاستەی بایەخ و پێشکەوتن, کە ڕێزمانێکی سەربەخۆی بۆ بنوسرێ و خۆی لەژێر کۆت و بەندێتی زمانی لاتینی ڕزگار بکات, لەبەرئەوەی, ئەو دوو زمانە لە ڕووی بەکارهێنان و ڕیزبوونی کەرەستەکان لەگەڵ یەک جیاوازن. (باطنی, 1993, 21)

9-1) زمانەوانی لە سەدەی نۆزدەهەمدا:

سەدەی نۆزدەهەم, وەرچەرخانێکی گرنگ بوو, بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی مێژوویی و بەراوردکاری, بە تایبەتی شیکردنەوە و بەدواداچوون لە زمانە هیندو ئەوروپییەکان, توێژەرەکان زیاتر هونەری خۆیان بەلایەنی مێژووی بەراوردکاری دەشکاندەوە. برەودان و گرنگیدان بە زمانی سانسکریتی کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم دۆزرایەوە, سەرەتایەکی گرنگ بوو, بۆ توێژەران تا بتوانن لەو بارەوە زیاتر بایەخ بە لێکۆڵینەوەی بەراوردی بدەن, کە ئەمەش گرنگترین ڕووداوی ئەم سەدەیە بوو. (فەرهادی, 2013, 111)

هەوڵی سەدەی نۆزدەهەم بریتی بوو لە هەوڵی سەلماندن و ڕوونکردنەوە و فراوانکردنی ئەو بیرو بۆچوونەی (ولیەم جۆنز). ئیتر دیدگای زمانەوانی سەدەکە بەم ڕایەی ولیەم جۆنز گۆڕا. هەندێ لە زمانەوانەکانی سەردەمەکە بە دوای ئەو بیرەدا دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لەوانە:

1- ڕاسموس کریستیان ڕاسک (1787-1832).

2- یاکوب گریم (Jacob Grimm)(1785- 1863). 3- فرانز بۆپ- Franz Bob (1791-1876) کارەکانی زمانی سانسکریتی گریک و لاتینی بەراوردکرد. (آن بافو, 2012, 23-25)

**2 - ڕەنگدانەوەی ڕێزمانی دێرین لە بازنەی سێیەمدا:**

**بۆچوون و بنەماکانی ڕێزمانی دێرین:**

دەکرێ قوتابخانە زمانەوانییەکان, سیمایەکی جیاواز و تایبەت بەخۆیان هەبێت, کە پەیوەست دەکرێن بە هەندێ تیۆر و بۆچوونی دیاریکراوەوە, ڕێزمانی دێرینیش, هەندێ تایبەتمەندی خۆی هەبووە, کە جیاکراوەتەوە لە قوتابخانە و سەردەمەکانی دوای خۆی, ئەویش بە گرتنەبەر و پەیڕەو کردنی چەند بنەمایەک, گریمانە دەکرێت ئەو بنەمایانە کاریگەرییان مابێت, تاکو ئێستاش بوونەتە جێگەی سەرنج و وردبوونەوە, بە تایبەتی بۆ زمانەوانەکان و شارەزایانی بواری ڕێزمان.

**1-2) تێکەڵکردنی فۆڕم و واتا:**

ڕێزماننووسانی دێرین لەو باوەڕەدابوون بۆ هەر فۆڕمێکی زمانی تەنیا یەک بەرانبەری واتایی هەیە. بەو مانایەی کاتێک فۆڕم دەگۆڕدرێت ئەوا واتاش گۆڕانی بەسەر دێت. بەڵام ئەمە هاوکێشەیەکی یەکلاکەرەوەیی نییە, کە گۆڕانی فۆڕم گۆڕانی واتا بەدوای خۆیدا بێنێت.

(بەمجۆرە ⟵ بەمشێوەیە), بە گۆڕینی فۆڕم گۆڕانی واتایی دروست نەبووە, یان لە ڕستەی :

1- پەنجەرەکە شکا.    2- دۆلار شکا.    3- دڵم شکا.

لێرەدا فۆڕمی وشە گۆڕانی بەسەر نەهاتووە, کەچی گۆڕانی واتایی دروست بووە. ئەو جۆرە نموونانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن, کەوا مەرج نییە تەنیا ڕووکارێک یەکسان بێت بە یەک بەرانبەری واتایی. وەک:

**1-1-2) تێکەڵکردنی ڕەگەزی ڕێزمانی و ڕەگەزی بایۆلۆژی:**

ڕەگەزی ڕێزمانی (gender) جۆرێکە لە جیاکەرەوەی ڕێزمانی. لە ڕێزماندا بەو نیشانەو دۆخانە دەوترێت, کە کەرەستە ڕێزمانییەکان وەری دەگرن, ئەویش بە پێی یاساکانی ڕێزمانی زمانەکان بۆی دیاری دەکرێت. **(دانش پژوه, 2020, ل72)**

لە کتێبی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی, ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە کراوە بە چوار جۆر:

**یەکەم/ ناوی نێر:** ئەو ناوەیە, کە هەر لە بنەڕەتدا بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت.

**دووەم/ ناوی مێ:** ئەو ناوەیە, کە هەر لە بنەڕەتدا بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردێت.

**سێیەم/ ناوی دوولایەن:** ئەو ناوانەن, کە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەکاردێن.

**چوارەم/ ناوی بێلایەن:** ئەو ناوانەن, کە سەر بە هیچ کام لە ڕەگەزی (نێر, مێ), نین. واتە لە بنەڕەتدا ڕەگەزییان دیارنییە. (پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی, 2019, ل7-8)

لە ڕاستیدا دۆخی دوولایەن و بێلایەن لە زماندا بوونیان نییە, ڕێزمانی دێرین هەوڵیداوە ئەم ڕەگەزە بە ڕەگەزی نێر و مێی جیهانی دەرەوە ببەستێتەوە. بەڵکو ناوەکان نێرن یان مێ ئەو دوو ڕەگەزە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕەگەزی (نێر و مێ)ی بایلۆژی نییە. بەهەمان شێوە لە زاری کرمانجی ژوورو, ناو تەنیا دوو دۆخی هەیە ئەویش (نێر ومێ). ئەویش لەڕێگەی فۆڕمی تایبەتی بۆ جیاکەرەوەی ڕەگەزی نێر و مێ, هەروەها لە ڕێگەی ئامرازی دانەپاڵ, کە ڕەگەزی ناوەکە یان شتەکە دەناسرێتەوە. واتە هەر ناوێک ئەگەر لە دۆخی ئامرازی دانەپاڵدا, فۆڕمی (ا)ی بچێتە سەر, ئەوا ناوەکە لە ڕووی ڕەگەزەوە دەکات بە ناوی (مێ), ئەگەر فۆڕمی (ێ)ی چووە سەر, ناوەکە دەکات بە ڕەگەزی (نێر). وەک:

**1- خوشکا پۆلای چوو خوێندنگەهێ.**

**2- بابێ ئازادی ئەندازیارە.**

لێرەدا ئەم جیاکەرەوە ڕەگەزییە تاڕادەیەک لەگەڵ ڕاستی و لۆژیکدا یەکانگیرە, چونکە ئەو ناوانە لە بنەڕەتدا بۆ کەسانی نێر و مێ دەستنیشانکراون و بەکاردەهێنرێن, کە بۆ ناوی (مێ) ئامرازی دانەپاڵی (ا) بەکارهاتووە. بۆ ناوی (نێر) ئامرازی دانەپاڵی (ێ) بەکارهاتووە.

هەروەها بۆ ئەم ڕستانەی خوارەوە, ئەم جیاکەرەوەی ڕەگەزیی, تاڕادەیەکی باش کاری خۆی کردووە, بەهۆی ئامرازی دانەپاڵەوە ڕەگەزی نێر و مێ جیاکراونەتەوە, ئەم ناوانە لە کرمانجی ناوەڕاست ناوی دوولایەنن. وەک:

| | |
|---|---|
| 1- هەڤالێ من ب یێکەم دەرچوو. | 2- هەڤالا من ب یێکەم دەرچوو. |
| 3- سەرۆکێ پەرلەمانی وتارەک پێشکێشکر. | 4- سەرۆکا پەرلەمانێ وتارەک پێشکێشکر. |

لە ڕستەی ژمارە (1 و 3) مەبەست لە کەسی نێرە. ژمارە (2 و 4) مەبەست لە کەسی مێیە.

کە جیاکەرەوەی ڕەگەز لەم ڕستانە, تەنها بوونی ئامرازی دانەپاڵە.

کەچی لە کرمانجی ناوەڕاست هەرچوار ڕستەکە ڕەگەزەکەیان یەکلانەکراوەتەوە, بەڵکو ئەم ناوانە بە ناوی دوولایەن داندراون, بەو مانایەی ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان لەهەر ڕەگەزێک بێ هەمان شێواز بەکاردێت. وەک: سەرۆکی پەرلەمان وتارێکی پێشکەشکرد.

بەڵام بۆ هەندێ لە وشەی دی, فۆڕم و واتا تێکەڵکراون. وەک:

| | |
|---|---|
| ماڵا من خۆشە. | *ماڵێ من خۆشە. |
| خانیێ مە گەلەک مەزن و تازەیە. | *خانییا مە گەلەک مەزن و تازەیە. |
| حکومەتا هەرێمێ چەند بڕیارەک دەرکرن. | * حکومەتێ هەرێمێ چەند بڕیارەک دەرکرن. |
| زەڤیا بەرمالا بەراڤە. | * زەڤییێ بەرمالا بەراڤە. |
| مە عەردێ خۆ فرۆت. | * مە عەردا خۆ فرۆت. |

ناوەکانی (ماڵ, زەڤی, حکومەت) لە ڕووی ڕەگەزی ڕێزمانی لە ڕەگەزی (مێ)ن, بەڵام لە بواری ڕەگەزی بایۆلۆژی ڕەگەزیان نییە. هەروەها ناوەکانی (خانی, عەرد) لە ڕووی فۆڕمەوە لە ڕەگەزی (نێر)ن, بەڵام لە ڕەگەزی بایۆلۆژی ڕەگەزیان نییە. ئەو تێکەڵبوونەی فۆڕم و واتا, بووەتە هۆی دروست بوونی گرفت لەبەردەم مامۆستا و قوتابیان بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە شێوازی ئاخاوتنیان سەر بە کرمانجی ژووروو نییە, لەبەرئەوەی ئەو یەکلاکەرەوەی ڕەگەزییە ئەستەمە, کە مامۆستا و قوتابی بتوانن بۆ کامە ناو چ جۆرێکی ئامرازی دانەپاڵ بەکاربهێنن, تاکو جۆری ڕەگەزەکەی پێ یەکلابکەنەوە.

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لە شێوازی کرمانجی ژووروو, دۆخی دانەپاڵ بەشێوەیەکی ڕەهایی نەتوانراوە ڕەگەزی (نێر و مێ) یەکلایی بکرێتەوە, بەنموونە هەندێ وشە هەن کە لە ڕووی فۆڕمەوە هەم بۆ ڕەگەزی نێر, هەم بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردێن, کەچی بەپێی ئەو دەستورەی لە دۆخی دانەپاڵ خراوەتە ڕوو ئەمە لەهەموو بارێکدا لەگەڵ ئەو یاسایە یەکناگرێتەوە, وەک وشەی (منداڵ, پچووک, پێشمەرگە, زارۆک, جامێر, خورت, گەنج, ...هتد.

کە لە دۆخی دانەپاڵدا فۆڕمی (ێ) وەردەگرن. وەک لە ڕستەی: مندالێ من نەساخە.

لەم ڕستەیە وشەی (منداڵ) لە ڕووی فۆڕمەوە لە یاسای کرمانجی ژووروو, بۆ کەسێکی تاکی نێر بەکارهاتووە. بەو پێیە کاتێک کە وشەی (منداڵ) بمانەوێ بۆ ڕەگەزی (مێ) بەکاربهێنین, پێویستە بنوسرێ, (*مندالا من نەساخە). بەڵام ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی ناڕێزمانییە, لەبەرئەوەی فۆڕمی (منداڵا) لەو شێوەزارە لە ڕووی نووسین و گوتنەوە پەیڕەو ناکرێت. لە ڕاستیدا بۆ هەردوو ڕەگەزەکە تەنها ئەو شێوازە بەکاردەهێنرێت: **مندالێ من نەساخە**.

| | |
|---|---|
| من زاڕۆکێ خۆ برە دەف نوژداری. | * من زاڕۆکا خۆ برە دەف نوژداری. |
| من بچووکێ خۆ برە دەف نوژداری. | * من بچووکا خۆ برە دەف نوژداری. |
| ڤی خورتی ( گەنجی) سەرێ مە بلند کر. | * ڤێ خورتێ (گەنجێ) سەرێ مە بلند کر. |
| ڤان شڤانان پەزێ خۆ ئاڤدا. | * ڤان شڤانان پەزا خۆ ئاڤدا. |

لێرەدا ئەگەر وشەی (پەز) وەربگرین دەبینین پەز پێکهاتووە لە مەڕ و بەران و کارک و بەرخ, بەڵام لە کرمانجی ژووروو تەنیا لەڕووی فۆڕمەوە نیشانەی ڕەگەزی(ێ)ی نێر وەردەگرێت, نیشانەی(ا)ی مێ وەرناگرێت.

**2-1-2) تێکەڵکردنی کاتی ڕێزمانی (tens) و کاتی ناڕێزمانی (time):**

مەبەست لە کاتی ڕێزمانی کاتی ڕستەکەیە, بەڵام کاتی ناڕێزمانی بە گشتی ئەو کاتەیە لە ڕووی فیزیکییەوە ڕوودەدات. لە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی بازنەی سێیەم, بە شێوەیەکی گشتی, ئەم کاریگەرییە ڕەنگی داوەتەوە, کاتی ڕێزمانی و کاتی ناڕێزمانی تێکەڵ بەیەکدی کراون, بەو مانایەی کاتی ڕابردوو لەگەڵ کاتی ڕانەبردوو تێکەڵکراوە. وەک:

زەوی گەلەک تێنوو بوو, ئارەزووی بارانی دەکرد, لەناکاو کردی بەهەورە تریشقە و لێزمەی باران, جوتیار و شڤان و گاوان, کەوتنە خۆشی و شادی, چونکە بەفرو باران زۆر بوو, کانیاو **دەردەبن**, ئاوی چەم و ڕووبار زۆر **دەبێت**, لە بەهاردا جوانی هەموو لایەکی سروشت **دەگرێتەوە**, خەم و پەژارە لە دڵ **نامێنێت**, هێز و وزە **دەکەوێتە** گیانی زیندەوەر و جانەوەران, لەم وەرزەدا بەرهەمی ئاژەڵان زۆر **دەبێت**. **(لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە , 2019, ل79)**

ئەگەر لەم پارچە نووسینەی سەرەوە وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کەوا, هەردوو کاتی ڕێزمانی و کاتی ناڕێزمانی تێکەڵکراون, لەبەرئەوەی ئەم نموونانە لە کاتی ناڕێزمانیدا ڕابردوون, بەڵام بە پێی دەستور و لە ڕووی ڕێزمانییەوە لە کاتی ڕانەبردوودان, بەمەش فۆڕم و واتا تێکەڵکراوە. واتە ئەگەر سەیری کارەکان بکەین, دەبینین لەڕووی فۆڕمەوە کاری ڕانەبردوون, بەڵام لەڕووی واتاوە کاتی ڕوودانی کارەکە ڕابردووە واتە ڕووداوەکە ڕوویداوە. لێرەدا جارێک پشت بە واتا بەستراوە, جارێکی دی پشت بە فۆڕم بەستراوە.

**3-1-2) تێکەڵکردنی ژمارە و ژمارەی ڕێزمانی:**

ناوی تاک و ناوی کۆ:

**ناوی تاک:** ئەو ناوەیە, کە گوزارشت لە یەک کەس یان یەک شت دەکات.

**ناوی کۆ:** ئەو ناوەیە, کە لە کەسێک یان شتێک زیاتر پیشاندەدات, نیشانەی سەرەکی کۆکردنەوەی ناو لە زمانی کوردی نیشانەی (ان)ە, کە دەخرێتە دوایی ئەو ناوە تاکانەی, کە پیتی کۆتاییان نەبزوێنە. پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی, ل23.

1- کوردێکی باشوری کوردستان لە وڵاتی بەریتانیا کرایە وەزیری پەروەردە.

2- قوتابییەکە وانەکەی نوسی.

لێرەدا وشەی (کورد, قوتابی) هەردووکیان تاکن و مەبەست لە یەک کەسە,

3- کوردانی باشوری کوردستان بە ئازادی دەژین.

4- قوتابییەکان چوونە ژوورەوە.

لە ڕستەی ژمارە (3, 4) (کوردان, قوتابییەکان) لەڕووی فۆڕم واتاوە دوو ناوی کۆن, بەڵام کاتێک دەوترێت (کورد بە ئازادی ئەندامانی پەرلەمانی هەڵبژارد) (کاری قوتابی خوێندنە) ئایا ئەمە تاکە یان کۆ؟ لەڕاستیدا هەردوو وشەی (کورد, قوتابی) لە ڕووی فۆڕمەوە تاکن, بەڵام لە ڕووی واتاوە, ئاماژە بۆ زیاتر لە کەسێک دەکەن. لێرەدا فۆڕم و واتا تێکەڵکراون.

2-2) دروست و هەڵە لە زماندا:

یەکێک لە گرنگترین ئەو پێوەرانەی کەوا ڕێزمانناووسانی دێرین کردبوویان بە بنەمای کاری خۆیان, سەپاندن و یەکلاکەرەوەی یاساکانی ڕێزمان بووە, باوەڕیان وابوو, کە هەر شتێک لە پێوەری ئەوان دەربچێت, هەڵەیە و لە دەستوری ئەوان لایداوە. زیاتر جەختیان لەسەر ئەو دوو بنەماو پێوەرە دەکردەوە. لەوانە:

### 1-2-2) ڕێزمانی دێرین فەرماندەرانە بووە نەک وەسفی:

کاتێ دەگوترێ ڕێزمانی دێرین لەسەر بنەماو پێوەری فەرماندەرانە کاریکردووە, بەو مانایە دێت, واتە یاساکانی دەستنیشان دەکردو داوای جێبەجێکردنی دەکرد, لە بری ئەوەی هەوڵی دۆزینەوەی ئەو دەستور و یاسایانە بدەن, کە لە زمانی خەڵکەوە دەردەچن, بەڵکو دەهاتن یاساو بنەماکانی نوسەر و فەیلسوفانی پێش خۆیان دەکردە دەستورو بنەما بۆ خەڵکانی خۆیان, بەمەش ئامۆژگاری و ڕێنوێنی کردنی خەڵکیان دەکرد, پێویستە ئەمە بگوترێ و ئەمە نەگوترێ. چونکە ڕێزمانناووسانی دێرین بەم شێوەیە لە ڕێزمان و یاساکانی گەیشتبوون: ((ڕێزمان قاعیدە و ڕێوشوێنێکە کە بەپێی ئەو خەڵک ڕاست گوتن و ڕاست نووسین فێرببن.)) (باطنی, 1993, ل40)

لەهەندێ باردا ڕێزمانی خوێندنگاکانی بازنەی سێیەم لەسەر بنەماو پێوەری فەرماندەرانە کاری کردووەو نوسراوەتەوە, لە بری ئەوەی هەوڵی دۆزینەوە و ڕوونکردنەوە بۆ دەستور و یاساکان بدەن, هاتوون هەمان یاسا و بنەماکانی ڕێزماننووسە کوردەکانی سەردەمی ساڵانی (1960)یان کردۆتە بنەماو دەستور بۆ مامۆستا و قوتابی, بەنموونە کتێبەکانی خوێندنگاکان لە نوێترین چاپیدا لە ساڵی (2019) نوێکراوەتەوە, لە دەستوری هەر بابەتێک جۆرە یاسایەکیان داڕشتووە, کە ئەم دەستورە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی دیکە جیاوازە, ئەگەر ئەو دەستورەشیان گشتگیر نەبوو, ئەوا دەڵێن ئەو وشانە ڕیزپەڕن, بەنموونە لە دەستوری بازنەی سێیەمدا هاتووە, لە دوای ئامرازی پەیوەندی (لە), ڕاستەوخۆ تەواوکەری بەیاریدە دێت, کەچی لە بازنەی چوارەم ئەم دەستورە گۆڕدراوە, کراوەتە ئاوەڵکاری شوێنی. وەک:

بەختیار لە قوتابخانە دەخوێنێت.      پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی, ل93.

لە ڕستەی (بەختیار لە قوتابخانە دەخوێنێت) لە بازنەی سێیەم بەم شێوەیە شیکراوەتەوە.

لە/ ئامرازی پەیوەندییە.      قوتابخانە/ ناوە, تەواوکەری بەیاریدەیە.

لە پۆلەکانی دەیەم و یازدەمی ئامادەیی بەم شێوەیە شیکراوەتەوە.

لە قوتابخانە / ئاوەڵکاری شوێنییە تەواوکەری کارە.

هەروەها لە ڕستەیەکی وەکو, پشیلەکە لە قوژبنی ژوورەکەدا نوستبوو.

لە قوژبنی ژوورەکە, هەمووی بەیەکەوە, لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بە ئاوەڵکاری شوێنی دانداوە, بەڵام لە بازنەی چوارەم بە گرێی ئاوەڵکاری شوێنی شیدەکرێتەوە.

بەمەش مامۆستایان ناچارکراون لە فێرکردن و ڕێنوێنی کردنی قوتابییەکان پەیڕەوی هەمان یاسا بکەن, کە لە دەستوری بابەتە ڕێزمانییەکاندا بە شێوەی جیاواز خراوەتە ڕوو, کە پێویستە ئەمە بگوترێ و ئەمە نەگوترێ. وەک لەم بارانەی خوارەوە:

### 2-1-2-2) دانانی مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا بە ڕاناوی لکاو:

لە ڕێزمانی بازنەی سێیەمدا, مۆرفیمی (ە) بۆ کاتی ئێستا بە شێوەیەکی فەرماندەرانە یاساو دەستوریان بۆ داڕشتووە, دەڵێن هەرکاتێ ئەو مۆرفیمە چووە سەر کاری داخوازی, ئەوا بە ڕاناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک دادەنرێت هەروەها دەکرێتە بکەر, بێ گەڕانەوە بۆ ڕاستی بابەتەکە, کە بۆچی ئەمە مۆرفیمی کاتی ئێستا نەبێت, بەڵکو ڕاناوی لکاو بێت.

هەروەها لەبری بەکارهێنانی زاراوەی (فەرماندان) زاراوەی (داخوازییان) لە شوێنی جێگیرکردووە. لەبەرئەوەی کاری داخوازی جۆرێکە لە جۆرەکانی فەرماندان، لە بازنەی سێیەمدا هەردوو جۆرەکە تەنیا بە کاری داخوازی هەژمارکراون و تێکەڵکراون. وەک لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لاپەڕە (63) بەمشێوەیە دەستورەکەیان داڕشتووە:

کاری داخوازی: ئەو کارەیە، کە کەسی یەکەم داوا لە کەسی دووەمی تاک یان دووەمی کۆ دەکات بۆ ئەنجامدانی یان ئەنجامنەدانی کارێک یەکسەر لە دوای ئاخافتن.

یاساکە بەمشێوەیە پێکدێت: (ب+ ڕەگی کار+ جێناوی لکاو) وەک: وانەکەت بخوێنە.

لە ڕاستیدا ئەمە مۆرفیمی کاتی ئێستایە، لەبەرئەوەی لە زمانی کوردی فۆڕمی (ە) لە هیچ کام لە جۆرەکانی ڕاناو بەدیناکرێت.

**3-1-2-2) ناساندنی ئامراز وەک وشە:**

لە بازنەی سێیەم لە کاتی پێناسەکردنیدا ئامراز بە وشە دانراوە، واتە ئەوەی لەو ڕێزمانە بەدیدەکرێت هەندێ لە ناساندن و تێڕوانینەکان لە چوارچێوەی (وشە) ئاماژەیان بۆ کراوە، ئەمەش بڕیارێکی فەرماندەرانەیە. لەو بازنەیە دوو جۆر ئامراز باسکراون ئەوانیش (ئامرازی دانەپاڵ و ئامرازی پەیوەندی) لە پۆلی نۆیەم لاپەڕە (95 و 99) بەمجۆرە پێناسە کراوە:

ئامرازی دانەپاڵ: وشەیەکە، کە (ناوێک، جێناوێک، هاوەڵناوێک) دەداتە پاڵناوێکی تر.

ئامرازی پەیوەندی: ئەو وشەیەیە، کە لە ڕستەدا لە پێش ناوێک یان جێناوێک دێت بۆ پیشاندانی پەیوەندی نێوان ئەو ناوە یان ئەو جێناوە لەگەڵ ناوێکی تری هەمان ڕستە.

**3-2) بایەخدان بە زمانی نووسین لە بری گوتن:**

لەکاتی ڕوونکردنەوەو خستنەڕووی بابەتە ڕێزمانییەکان، لەبری ئەوەی پشت بە شێوازی گوتن ببەسترێت بۆ ڕاڤەی بابەتە ڕێزمانییەکان، لە هەندێ بابەتدا زیاتر بایەخ بە شێوازی نووسین دراوە. هەرچەندە لە کاتی ڕوونکردنەوە هەردوو جۆرەکە لە کات و شوێنی خۆیاندا پێویستن، ئەوەی لەو ڕێزمانە بەدیدەکرێت لە هەندێ بابەتی وەک: (چاوگ، دۆزینەوەی ڕەگی کار) لە پۆلی حەوتەم و نۆیەمی بنەڕەتی ئەو دووبابەتە هەن، لە بابەتی چاوگ و دۆزینەوەی ڕەگی کار پشتیان بە (پیت) بەستووە نەک (دەنگ)، بەو مانایەی ناوی پیتەکە دەهێنن نەک ناوی دەنگەکە، لەبەرئەوەی لەو شوێنانەدا پشتبەستن بە پیت و ناوهێنانی پیتەکان لایەنی زانستیمان لا ڕوون نابێت، واتە ڕاستی و دروستی یاساکە بە شێوازێکی زانستی خۆی دەرناخات. بەنموونە:

لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لاپەڕە (104) بەمشێوەیە باس لە چاوگ کراوە:

لە زمانی کوردیدا پێنج جۆرە چاوگ هەن، کە بە پیتی پێش (نوونەکە) دەناسرێنەوە:

چاوگی دالی، چاوگی یائی، چاوگی تائی، چاوگی ئەلفی، چاوگی واوی. لێرەدا لە بری ئەوەی بایەخ بە زمانی گوتن و دەنگ بدەن، بایەخ بەنووسین و ناوهێنانی پیتەکان دراوە. لە ڕاستیدا پێویستە بەمجۆرە بنوسرێت:

چاوگی/د/، چاوگی /ی/، چاوگی /ت/، چاوگی/ا/، چاوگی /و/.

هەروەها بۆ دۆزینەوەی قەدی چاوگ، دەڵێن قەدی چاوگ بە لابردنی (نوونی چاوگ) دروست دەبێت، پێویستە بنوسرێت، /ن/ی چاوگ، نەک (نوونی چاوگ).

لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لاپەڕە (43) بەم شێوەیە نوسراوە:

1- ئەگەر ڕەگی کار لە چاوگی **واوی** تێپەڕ وەربگرین، ئەوا پیتی نوون لادەدەین.

2- ئەگەر ڕەگی کار لە چاوگی **واوی** تێنەپەڕ وەربگرین، ئەوا پیتی **واو و نوون** لادەدەین.

3- ڕەگی کار لە چاوگی **ئەلفی** تێپەڕ وەربگرین لابردنی پیتی **ئەلف** و **نوون** دروست دەبێت.

**4-2) نەگۆڕی لە ڕێزماندا:**

لەگەڵ دەرکەوتنی زمانەوانی وەک زانستێکی سەربەخۆ، گۆڕانکارییەکان دەستیان پێکرد بەتایبەتی لە خوێندنی زانکۆکان، بەڵام تا ئێستا ئەو گۆڕانکارییانە لە بابەتە ڕێزمانییەکانی کتێبی خوێندنگاکان ڕەنگیان نەداوەتەوە. دانانی پرۆگرام و بابەتە ڕێزمانییەکانی

کتێبی خوێندنگاکان, مێژووەکەی بۆ ساڵی (1970)ی زایینی دەگەڕێتەوە, گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی دروست نەبووە, تەنیا لە هەندێ شوێن گۆڕانکاری سادەی بەسەردا هاتووە, بەنموونە لە ساڵانی ڕابردوو فۆڕمی (ی) لە زۆربەی شوێنەکاندا بە ئامرازی پەیوەندی ناسێنرابوو, ئێستا گۆڕاوە بووەتە ئامرازی دانەپاڵ هەروەها هەندێ زاراوەی وەکو (فرمان, ئاوەڵناو, تەواوکەری ڕاستەوخۆ, تەواوکەری ناڕاستەوخۆ, ئاوەڵفرمان, کارا) گۆڕدراون بوون بە (کار, هاوەڵناو, بەرکار, تەواوکەری بەیاریدە, هاوەڵکار, بکەر).

لێرەدا دیارە ڕێزمانی ئەو بازنەیە هاوشانی ڕێزمانی دێرین, یاساکانی ڕێزمانی بە نەگۆڕ زانیوە, بەڵام لە ڕاستیدا ڕەهایی لە زماندا نییە, بەڵام پرۆسەی گەڕان و دۆزینەوە و داڕشتنەوەی یاساکان کارێکی ئاسایی و پەسەندە, لەبەرئەوەی زمانیش هەروەک بەش و زانستەکانی دیکە توانای گۆڕان و دەوڵەمەندبوون و چالاکبوونی هەیە.

**2- 4- 1) نەگۆڕی لە چەمکی ڕستەدا:**

لەم بازنەیە ڕستە بەم شێوەیە پێناسەکراوە: ((ڕستە کۆمەڵە پەیڤێکە, پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە, واتایەکی تەواو دەبەخشن, چونکە کارێکیان لەگەڵدایە, لەکۆتایی یەکێک لەم هێمایانە ( . , ؟, ! ) دادەنرێت.)).

ئەم پێناسەیە بەدەرنییە لە کەموکووڕیی, لەبەرئەوەی ڕستە هەیە لە یەک وشە پێکهاتووە, یان یەک مۆرفیمە. کەواتە مەرج نییە ڕستە کۆمەڵە وشەیەک بێت, دەکرێ یەک وشە بێت. وەک: هاتن, چوون,....هتد.

لە هەندێ باردا کۆمەڵە وشەیەک بەدوای یەکترەوە دێن کەچی بە ڕستە هەژمار ناکرێت.

وەک: دە قوتابییە یەکەمەکانی ئامادەیی گوڵی زەردی زانستی کچان لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران

**2- 4- 2) نەگۆڕی لە چەمکی گرێ:**

((گرێ کۆمەڵە پەیڤێکە, پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە, بەڵام واتاو بیرێکی تەواو نادەن بە دەستەوە, چونکە هیچ کارێکیان لەگەڵدا نییە.)) پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی, ل24

بە پێی ئەم بیرو بۆچوونە بێ، پێویستە هەموو گرێیەك لە وشەیەك زیاتر بێت، بەڵام مەرج نییە گرێ لە کۆمەڵە وشەیەك پێکهاتبێ، مەرجیش نییە کاری تێدا نەبێ، لە زمانەوانی نوێدا, بەشێوەیەکی گشتی ڕستە لە دوو گرێی سەرەکی پێک دێت: (گرێی ناوی و گرێی کاری) چونکە گرێ لەوانەیە لە تاکە وشەیەك پێکهاتبێ، بەتایبەتی لە گرێی ناویدا. وەک:

کاوە چوو بۆ هەولێر. ئەو چوو بۆ هەولێر.

لەم دوو ڕستەیەدا هەردوو وشەی (کاوە, ئەو) گرێی ناوین.

1- لەبەرئەوەی ناوی تایبەتی و ڕاناو لە نێو خۆیاندا خەسڵەتی ناسراوییان هەیە.

2- هەردوو وشەکە لە جێکەوتەی گرێی ناویدان و ڕۆڵی بکەری ڕستەکەیان بینیوە, هەروەها دەتوانن لە جێکەوتەی دیکەدا بەهەمان فۆڕم ئەرکی دیکە ببینن. **(مەعروف, 2010, ل16)**

گرێ وەک بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنانی ڕستە ڕۆڵ دەگێڕێت, دەکرێ لە گەلێ وشە پێکبێت, هەروەها دەکرێ بریتی بێت لە ناوێک یان کارێک یان ڕاناوێک لە ڕستەیەکی کورت و سادەدا, کە لەڕووی پێکهاتنەوە گرێ بێت و لە ڕووی ئەرکیشەوە ڕۆڵی بکەر ببینێت. وەک:

(من قەڵەمێکم کڕی). لێرەدا (من) گرێی ناوییە و بکەری ڕستەکەیە, هەروەها (قەڵەم) بەرکارە لەگەڵ کاری (کڕی) گرێی کاری پێکدەهێنن. لێرەدا ئەو پێناسەیەی بۆ گرێ کراوە دەکرێ هەڵە بێ, چونکە گرێ دەتوانرێ زۆر فراوان بکرێ, هەروەها دەکرێ کورت بکرێتەوە بۆ یەک وشە یان یەک مۆرفیم. **(حەسەن, 2010, 26)**. لەم بازنەیە بە هیچ جۆرێک وشەیەک بە تەنیا ناتوانێت ببێت بە گرێ, هەروەها لە ڕێزمانی گشت بازنەکاندا, تەنیا سێ جۆری گرێ دەستنیشانکراون وباسدەکرێن بەم شێوەیە پێناسەیان بۆ کراوە:

1- گرێی ناوی: گۆمەڵێک پەیڤن, بەسەریەکەوەن, پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ یەکتردا هەیەو هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینن, هەر لەبەرئەمەش پێی دەگوترێت گرێی ناوی. یاسای دروستبوونی گرێی ناوی بەمشێوەیە ڕێکخراوە:

ناو+ ی+ ناو= شاری هەولێر

ناو+ ی+ ڕاناوی سەربەخۆ= برای تۆ ناو+ ی+ ئاوەڵناو= هەناری ترش

خوشکا من,    مامۆستایێ وان,    تریێ ڕەش,    پێشمەرگێن کوردستانێ

لە ڕێزمانی بازنەی سێیەمدا, مەرجی سەرەکی لە دروست بوونی گرێی ناوی لە هەردوو زاری کرمانجی ناوەڕاست و کرمانی ژووروو, بوونی ئامرازی دانەپاڵە کە دیارخەر و دیارخراو بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

**5-2) سەپاندنی کاتیگۆری بیانی بەسەر زمانەکاندا:**

کاتێک لە بەرهەم و کتێبەکانی هەندێ لە ڕێزماننووسانی کورد دەڕوانین, ئەم دیاردەیەی سەپاندنی کاتیگۆری بیانی بەسەر بابەتە ڕێزمانییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە, بۆیە دەکرێ بابەتە ڕێزمانییەکانی بازنەی سێیەم بەر ئەو کاریگەرییە کەوتبن, چونکە لیژنەکانی وەزارەتی پەروەردە لە کاتی دانانی بابەتەکاندا سودیان لە بەرهەمەکانی ئەو زمانەوانانە وەرگرتووە, کە هەڵگری ئەو خەسلەتانەن. ئەمەش دەکرێ زیاتر بۆ ئەو هۆکارانە بگەڕێندرێتەوە کەوا زمانی خوێندنی زمانەوانە کوردەکان بە زمانی عەرەبی بووە, هەروەها بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێزماننووسە کوردەکانی بەرایی, لەژێر کاریگەری قەواعیدی عەرەبی کاریان کردووە. کە هەندێ لە توخم و بابەتە ڕێزمانییەکان, بۆ زمانی کوردی کۆپییان کردووە, بەتایبەتی ئەو ڕێزماننووسانەی پەروەردەی حوجرە و مزگەوتەکان بوون, هەروەها سەرچاوەی زانستییان کتێبەکانی عەرەبی بووە, لە ئەنجامدا سەرچاوەکانی ئەمانە بوون بە بناغە بۆ نەوەی دوای خۆیان. بەم جۆرە چەندین بۆچونی ڕێزمانی عەرەبی بەسەر ڕێزمانی کوردی سەپێندران و ئێستا لە کتێبی ڕێزمانی خوێندنگاکان دەخوێندرێن. ( ڕەسول, 2014, 370)

یەکێک لەو هەڵانەی لە نووسین و ئاخاوتندا هەیە, وەک:

هەڵدەستێت بە کردنەوەی پیشەنگایەک.    يقوم بأفتتاح معرض.

دەستمانکرد بە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە.    بدأنا بتعمير المدرسة.

ئەم شێوازانە ڕاستەوخۆ وەرگێڕدراوی زمانی عەرەبیین.    ڕاستییەکەی بەم شێوەیە دەبێت:

پیشانگەیەک دەکاتەوە.    قوتابخانەکەمان نۆژەنکردەوە. **(تاڵەبانی, 2008, 34)**

لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبی ئەو شێوازەی نووسین لە بازنەی سێیەمدا بەکارهاتووە: (ل وێرێ روونشتین و <u>دەستمانکرد</u> بە میوە خواردن) ,کە پێویستە شێوازەکەی بەمجۆرە بێت: (ل وێرێ روونشتین و مە میوە (فیقهی) خوار.) لەوێ ڕوونیشتین (دانیشتین) و میوەمان خوارد.

لەئەنجامی ڕاستکردنەوەی ئەم شێوازە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی وشەی خواردن لە چاوگەوە گۆڕدرا بۆ کار.    پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی, ل20.

هەروەها باڵادەستی حکومەتی مەرکەزیی وزمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردی ئەوەشیان بۆخۆی هۆکارێکی دیکەیە. لەبەرئەوەی کاتێ لە هەڵێنجانی ئەو کاریگەرییانە ورد دەبینەوە بۆمان دەردەکەوێت, کەوا بابەتە ڕێزمانییەکانی زمانی عەرەبی زیاتر بوونیان هەیە هەروەها زمانی فارسی بە شێوەیەکی زۆرکەم, هەوڵدەدرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخرێنە ڕوو.

**1-5-2) بوونی شیکردنەوە (الإعراب ) لە ڕێزمانی خوێندنگاکاندا:**

لە ڕێزمانی ئەم بازنەیەو گشت بازنەکانی دی شیکردنەوە وەک بەشێکی سەرەکی لە گشت بابەتەکانی هەر ڕاهێنانێکدا بەرچاو دەکەوێت. هەروەک زانراوە, کە هەر زمانێک سەر بەکۆمەڵە زمانێکی دیاریکراوە, زمانی کوردیش سەر بە کۆمەڵەی زمانی هیندۆ-ئەوروپییەکانە, لە زمانەکانی ئەو کۆمەڵەیە شیکردنەوە بوونی نییە, بەنموونە لە پرۆگرامەکانی زمانی ئینگلیزی شیکردنەوە وەک ڕاهێنان بەرچاو ناکەوێت. هەروەها زمانی عەرەبی, کە سەر بە کۆمەڵەی زمانی (سامی)یە لەو کۆمەڵەیەدا شیکردنەوە (الإعراب) وەک بەشێکی سەرەکی لە ڕاهێنانەکان بەرچاو دەکەوێت. بۆیە ئەمە یەکێکە لەو کاریگەرییانەی, کە ڕێزمانی کوردی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ڕێزمانی عەرەبی و شیکردنەوەی ئەو زمانە.

**2-5-2) ئاوەڵناوی ژمارەی ڕیزبەندی:**

لە سەپاندنی هەمان شێوازی ئاوەڵناوی ژمارەی ڕیزبەندی, لە زمانی عەرەبی بۆ سەر زمانی کوردی, چونکە ئەو جۆرە دەربڕینانە وەرگێڕانێکی فەرهەنگی و سینتاکسی زمانی عەرەبین, کەواتە ئەو شێوازە لە زمانی عەرەبییەوە سەپێندراوە یان ڕێزماننووسانی کوردو لیژنەی کتێبەکانی بازنەی سێیەم سەپاندوویانە بەسەر زمان و کوردی و ڕێزمانی خوێندنگاکان.

بەنموونە لە زمانی عەرەبی دەنوسرێت (الحرب العالمیة الأولی) لێرەدا وشەی (الأولی) بۆ (الحرب) دەگەڕێتەوە نەک بۆ (العالم) لە زمانی کوردیدا ئەوەی, کە زۆر باوە ئەو شێوازە دەگوترێت و دەنوسرێت (جەنگی جیهانی یەکەم), کە ڕاستەوخۆ لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە, بەڵکو پێویستە شێوە ڕاستەکەی بنوسرێت, کە بریتییە لە (یەکەمین جەنگی جیهانی) چونکە (یەکەم) ئاوەڵناوی ژمارەی ڕیزبەندییەو بۆ (جەنگ) دەگەڕێتەوەو تەواوی دەکات, کەرەستەی تەواوکردنەکەش (ی)یە کەوتۆتە نێوان هەردووکیانەوە پێکەوەی لکاندوون و واتای یەکدییان تەواو کردووە. لەبەرئەوەی زمانی کوردی هاوشان لەگەڵ زمانی ئنگلیزیی لە کۆمەڵەی زمانی هیندۆ ئەورووپییەکانە, لە زمانی ئینگلیزیدا بەم شێوە دەنوسرێت (First person singular) یەکەمین کەسی تاک. (First world war) یەکەمین جەنگی جیهانی.**(هەمان سەرچاوەی پێشوو,31)**

**3-5-2) سەپاندن و تێکەڵکردنی دوو یاسای ڕێزمانی:**

سەپاندن و بەکارهێنانی ڕێزمانی کرمانجی ژووروو لەنێو بابەت و پڕۆگرامەکانی خوێندن, ئەمەش یەکێکە لە کارەکانی ڕێزماننووسە کوردەکان و لیژنەکانی وەزارەتی پەروەردە, کە بووەتە هۆی دروست بوونی گرفت لەبەردەم ئەو مامۆستا و قوتابییانەی کە شێوازی ئاخاوتنیان بە کرمانجی ژورووی نییە.

لە بابەتی ئاوەڵناو, بۆ (پلەی چەسپاو, پلەی بەراورد, پلەی باڵا) فۆڕمی جیا هەیە, لە کرمانجی ناوەڕاست (جوان        جوانتر        جوانترین) هەیە. بەڵام لە کرمانجی ژووروو تەنها دوو فۆڕم هەن ئەویش (جوان        جوانتر) فۆڕمی (ترین) بۆ پلەی باڵا بەرچاو ناکەوێت. لە شوێنی فۆڕمی (ترین) بە یارمەتی کەرەستەی تری زمان ئەو چەمکە دروست دەبێت (ژهەمییا) بەکاردێت, وەکو

ئەڤ گولە ژهەمییا جوانترە.    ,    ئەڤ گولە ژ هەمی گولا جوانترە.

**سەپاندنی کاتیگۆری ڕێزمانی کرمانجی ژووروو بەسەر کرمانجی ناوەڕاست:** لە ئەنجامی تێکەڵکردنی هەردوو زارەکە لە یەک ڕستەدا, ئەو دیاردەیە لە هەموو بازنەکاندا هەیە, بەڵام تێکەڵکردنەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و نازانستییانەیە. لەنووسینی هەر بابەتێک بەشێکی بە کرمانجی ناوەڕاست و بەشێکی دی بە کرمانجی ژووروو ڕوونکراوەتەوەوو.

لە تێکەڵکردنەکە ڕەچاوی ئەو دۆخە نەکراوە, کە هەردوو زارەکە لە ڕووی یاساکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی جیاوازییان هەیەو ناکرێت بە یەک شێوە باسیان بکرێت و یەک ڕوونکردنەوەشیان بۆ بکرێ, سەرئەنجام دەبێتە هۆی تێکشکانی یاساو دەستورەکان لە هەردوو زارەکەدا. وەک:

**1-3-5-2) جیاوازی لە ڕووی دەنگسازی:**

بەشی هەرە زۆری جیاوازی دەنگسازی, کە لە هەردوو زاری کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروو بەدیدەکرێت, ئەم فۆنیمانە لەخۆ دەگرێت:

/د/, /ژ/, /ڤ/, /ڵ/, /ن/, /هـ/, /و/, /ی/, /ا/, /ێ/, /و/, /ە/.**( موسی, 2013, 449)**

لە ڕووی دەنگسازییەوە, لە هەندێ باردا هەردوو زارەکە جیاوازن لەگەڵ یەکتری, بەنموونە

(ئەمشەو شەوێکی سارد و ساماڵە.) لە کرمانجی سەروو دەربڕینێکی جیاوازتری هەیە, دەنگی (س) لە هەردوو وشەی سارد و ساماڵ, بە دەنگی (ص) دەردەبڕن, هەروەها دەنگی (ڵ) لە وشەی ساماڵ بە دەنگی (ل) دەردەبڕن.  لە زاری کرمانجی ژووروو لەهەندێ باردا شێوازی نووسین لەگەڵ شێوازی خوێندنەوە جیاوازە, وەک لە ڕستەی:

مە ستویرک خوار.  لەکاتی خوێندنەوە, هەردوو دەنگی /و/ /یـ/ دەسوێن و نادرکێندرێن. بەم شێوازە دەدرکێندرێت:        مە ستورک خار.

هەروەها لە زۆربەی کات دەنگی /د/ لە کار یان چاوگ نادرکێندرێت. وەکو:

ڤان کرێکارا کارێ خۆ خەلاس کر.

لێرەدا دەنگی /د/ هەم لە ڕووی نووسین و دەربڕین دەرناکەوێت و گۆناکرێت. ئەمەو چەندین نموونەی دی لەم بارەوە هەن.

چەند چیا بلند بن نهال کویر نابن.   چەند چیا بلند بن نهال کور نابن.

**2-3-5-2) جیاوازی لەڕووی وشەسازی:**

لەڕووی وشەسازییەوە دیسان هەردوو شێوەزارەکە لە هەندێ باردا جیاوازن لەگەڵ یەکتر, بەنموونە لە کرمانجی ناوەڕاست کاتێ وشەی (خواردنەوە) بۆ شێوەزاری کرمانجی ژووروو بگۆڕدرێت, ئەوا فۆڕمی (ەوە), کە ڕۆڵی پاشگر دەگێڕێت, ئەم مۆرفیمە فۆڕمەکەی دەگۆڕێت بۆ (ڤە)کە لە باری واتاو ئەرکی وشەڕۆنانەوە وەک پێشگر ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت و بەرانبەر پاشگری (ەوە)ی کرمانجی ناوەڕاست دەوەستێ. وەک:

| کرمانجی ناوەڕاست | | کرمانجی ژووروو |
|---|---|---|
| گەڕاندنەوە | ← | ڤەگەراندن |
| خواردنەوە | ← | ڤەخوارن |
| **گواستنەوە** | ← | **ڤەگوهاستن** ......هتد. |

**3-3-5-2) جیاوازی لەڕووی ڕستەسازی:**

هەردوو زارەکە لەڕووی ڕستەسازییەوە یاساکانیان جیاوازن, بەنموونە لە بابەتی بکەر دیار بکەر نادیار, کاتێ ڕستە لە کاری بکەر دیارەوە دەگۆڕدرێت بۆ ڕستەی بکەر نادیار دەستورەکەیان بەم شێوەیە دەخرێتە ڕوو:

| | کرمانجی ناوەڕاست | کرمانجی ژووروو |
|---|---|---|
| | **دەستوری گۆڕینی بکەر دیار بۆ بکەر نادیار** | |
| 1 | بکەری ڕستەکە و ڕاناوەکە لادەبردرێت. | بکەری ڕستەکە لادەبردرێت. |
| 2 | بەرکاری ڕستە دەبێتە جێگری بکەر. | بەرکاری ڕستە دەبێتە جێگری بکەر. |
| 3 | کارەکە دەگۆڕدرێت بۆ ڕەگی کار. | کارەکە دەگۆڕدرێت بۆ چاوگ. |
| 4 | ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردوو بوو, ئەوا فۆڕمی (را) دەخرێتە سەر ڕەگی کار. وەک پاشگر ڕۆڵ دەبینێت. | ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردوو بوو, ئەوا, کاری یاریدەدەری (هاتە) دەخرێتە پێش چاوگەکە. |
| 5 | ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردوو بوو, ئەوا, فۆڕمی (رێ) دەخرێتە سەر ڕەگی کار. | ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردوو بوو, ئەوا, کاری یاریدەدەری (دهێتە) بۆکاتی ئێستا, (دێ هێتە) بۆ کاتی داهاتوودەخرێتە پێش چاوگەکە. |

ئازاد وانەکەی نووسی.          وانەکە نوسرا.

سەرداری وانە نڤیسی. ←  وانە هاتە نڤیسین.

بۆئەم مەبەستە هەندێ لەو ڕستانەی, کە بەهەردوو زاری کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروو لە پۆلەکانی بازنەی سێیەم نوسراون دەخەینەڕوو, کەبوونەتە مایەی گرفت بۆ قوتابی.

من لە باژێرێ دهۆک دژیم.          پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی,ل23.

ئەگەر ئەم ڕستەیە لەسەر بنەمای کرمانجی ناوەڕاست ڕاڤە بکەین, بەم شێوەیە دەرناکەوێت, بەڵکو دەبێتە (من لە شاری دهۆک دەژیم). هەروەها ئەگەر ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی کرمانجی ژووروو بێت, ئەوا لەگەڵ یاساکانی ئەو زارە یەکناگرێتەوە. پێویستە بەم جۆرە بنوسرێت, (ئەز ل باژێرێ دهۆکێ دێ ژیم (دژیم).

برای کاوەی بە یەکەم دەرچوو.          پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی,ل23.

ئەم ڕستەیە لە کرمانجی ناوەڕاست نووسین و دەربڕینەکەی هەڵەیەو لەبەرئەوەی فۆڕمی (ی) لە دوای ناوی (کاوە) هاتووە لە زاری کرمانجی ناوەڕاست بوونی نییە.

هەروەها ئەگەر ئەم ڕستەیە بە زاری کرمانجی ژووروو لێکبدرێتەوە, دیسان کەموکووڕیی هەیە, بەم شێوەیەی لێدێت:

( براین کاوەی  ب یەکەم دەرچوو.) چەندین نموونەی دیکە لە پۆلەکانی دی بەدیدەکرێن.

هەروەها ئەم ڕستەیە لە لاپەڕە (92) پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بە شێوەیەکی هەڵە نوسراوە: (ئەڤرۆ دڤێت کوردستان ژ هەموو لایاڤە پێش بکەڤیت.) پێویستە بەمجۆرە بنوسرێت:

ئەڤرۆ پێدڤییە کوردستان ژ هەمی لایاڤە پێش بکەڤیت.

**4-3-5-2) نەبوونی گۆڕانی مۆرفۆسینتاکسی لە زاری کرمانجی ژووروو:**

کاتێک ڕستەیەک لە شێوەی کرمانجی ناوەڕاست دەنوسرێت وەکو لە گرێی ناوی (باوکی من) ڕاناوی کەسی سەربەخۆ (من) بگۆڕین بۆ ڕاناوی لکاو، بەم شێوەیەی لێدێت، (باوکم)، بەڵام لە کرمانجی ژووروو گرێی ناوی (بابێ من) ناتوانین بڵێین (بابم) ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو جۆرە ڕاناوە لکاوانە لەم زارەدا بوونیان نییە.

**5-3-5-2) نەبوونی فۆڕمی (ەکە)ی ناسراوی لە کرمانجی ژووروو:**

نەبوونی نیشانەو فۆڕمی ناسراوی (ەکە) لە شێوازی کرمانجی ژووروو، گرفت بۆ قوتابی دروست دەکات، لەبەرئەوەی بە هیچ جۆرێک باس لە فۆڕمی (ەکە) نەکراوە بۆ ناوی ناسراو لە کرمانجی ژووروو بەنموونە کاتێ مامۆستا لە ئەزموونەکاندا دەنوسێت ئەم ناوانە بکە بە ناوی ناسراو، لێرەدا گرفت دروست دەبێت ئەگەر ڕستەکە لە شێوەزاری کرمانجی ژووروو بێت.

لە ڕستەیەکی وەکو، نەسرین چێشتەکە لێدەنێت. کاتێ ئەم ڕستەیە دەگۆڕدرێت بۆ زاری کرمانجی ژووروو، بەم شێوەیە دەردەکەوێت: نەسرین دێ شیڤێ (چێکەت) لێنێت. لەم ڕستەیە ناتوانین بڕیار بدەین کە (شیڤ) ناوێکی ناسراوە.

**6-2)** گەڕانەوەو بایەخدان بە زمانی کۆن و دەقەکانی ڕابردوو:

لەکاتی دانانی ئەم پڕۆگرامە ڕێزمانییە، بۆ شیکردنەوەی بابەتە جۆربەجۆرەکانی ڕێزمان، لیژنەکانی پەروەردە، نموونەی شیعری شاعیرانیان هێناوەتەوە بۆ شرۆڤەکردنی بابەتە ڕێزمانییەکان. لەو بارەدا هەردوو ڕێزمانی وەسفی و ڕێزمانی مێژوویی تێکەڵ دەبن، لەئەنجامدا دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی بۆ مامۆستا و قوتابی. لەبەرئەوەی شیعری ئەم شاعیرانە هی سەردەمی دێرینن، هەروەها ئەو تێکستە ئەدەبییانە هەر بە نەگۆڕیی دەمێننەوە، هەرچەند کۆن بن و لە یاسا دەرچووبن، دەستکاری کردنیان ڕێپێدراو نییە.

هەروەک زانراوە  بەشێک لە سەرچاوەو بنچینەی دروستبوونی ئەدەب لادانە. لەبەرئەوەی لادان وەکو پرەنسیپ دەرچوونە لە یاسا و دەستوورەکان ئەم لادانەش لە چوارچێوەی دەرچوونێکە، کە چێژ و کاریگەری و سەرنجڕاکێشی و هونەر و ئیستاتیکا لە دەقی شیعریدا دروستدەکات، بەو لادانە شاعیر دەیەوێت داهێنانێک بنیاتبنێت. چونکە زمانی شیعرو پەخشان جیاوازە لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی ئاسایی ئاخێوەر. لە کتێبەکانی ئەم بازنەیەدا، لادان لە ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی بەدیار کەوتووە. وەک:

**1-6-2) لادانی دەنگسازی:**

لەبەرئەوە هەر گۆڕانکاری و لادانێك لە دەنگ، دەبێتە مایەی گۆڕینی بنەڕەتی دەنگەکە و هەندێك جاریش گۆڕانی واتای وشەکەشی لێدەکەوێتەوە. کاتێك شاعیر لادان لە دەنگی وشەیەك دەکات، گۆڕانکاری بەسەر فۆڕمی وشەکەدا دێت و بە جۆر و چەشنێکی نوێ دەخاتە بەرچاو کە جوانی پەخش بکات. وەک:

کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن گەش          ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش

شاعیر لە نیوە دێری یەکەم لە وشەی (شاخێک) دەنگی /ی/ کرتاندووە.

سەوزە گیا پاراو گوڵ و گوڵالە مەستی ڕەنگ و بۆ

درەخت تازە شین سەر لق ڕازاوەی گوڵ، گەڵا، چرۆ          پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، ل22

شاعیر دیسان چەند دەنگێکی کرتاندووە، لە نیوەدێری یەکەم لە وشەی (گیا) دیسان دەنگی /ی/ کرتاندووە. هەروەها لە بری ئەوەی بنوسرێت (بۆن) نوسراوە (بۆ) بە گۆڕینی یەک دەنگ فۆڕم و واتای وشەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەروەها لە نیوە دێری دووەم لە وشەی (درەخت) دەنگی /ی/ سواوە. ئەمەو گەلێ دەقی شیعری هاوشێوەی ئەمانە لە بەشی ڕێزماندا هەن بۆ ڕوونکردنەوەی بابەت و کەرەستە ڕێزمانییەکان.

**2-6-2) لادانی وشەسازی:**

بەکارهێنانی وشە لەناو شیعردا، شاعیر مامەڵەیەکی هونەری لەگەڵ دەکات، کە جیاوازترە لە بەکارهێنانی وشە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، بۆیە دەبینین زۆرجار شاعیر لە بەکارهێنانی وشە لە شیعردا، خۆی لە بەکارهێنانی ئاسایی وشە و پێکهاتە و ڕۆنانی باو لادەدات و بە شێوەیەکی جیاوازتر ڕۆنان و پێکهاتەی وشە بەکاردەهێنێت و جاری واش هەیە وشەی نوێ لەناو شیعر دروستدەکات، بە تێکەڵکردنی دووشێوەزار یان دوو زمان. (سابیر, 2006, 326).

یەک لسینە یەک لدل دا لەو ژمن تێن ئاخ و ئۆخ

لە نیوەدێری دووەم لە بری ئەوەی بنوسێت (لەوڕا) نوسیویەتی (لەو), ئەمەش تێکدانی پێکهاتەی باوی وشەیە.

هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر بە سود وەرگرتن لە وشەسازی زمانی کوردی و وشەسازی زمانی عەرەبی وشەکانی (ئان و زەمانێ و عەینی) پێکهێناوە. کە (ئان) لە وشەی (الأن) ی عەرەبی هاتووە, وشەی (زەمانێ) لە (الزمان)ی عەرەبی وەرگیراوە, هەروەها وشەی (عەینی) بە سود وەرگرتن لە ڕێنووسی کوردی, بۆمانای (وەک) بەکارهێناوە.

**3-6-2) لادانی ڕستەسازی:**

یەکێ لە لادانی ڕستەسازی بریتییە لە گۆڕینی شوێنی کەرەستەکانی ڕستە, لەبەرئەوەی ڕیزبوونی کەرەستەکان پەیوەستە بە دروستی یاساو بنەماکانی ڕێزمان, وەک زانراوە یاسای ڕیزبوونی کەرەستەکان لە زمانێک بۆ زمانێکی دی جیاوازە, لە زمانی کوردی بەمجۆرەیە: (بکەر+ بەرکار+ کار). شاعیران بۆ ئەوەی شیعرەکانیان جۆرێک لە جوانی ببەخشێت, جێگۆڕکێ بە شوێنی کەرەستەکان دەکەن, بەمەش گرفت بۆ قوتابی دروست دەبێت لەکاتی هێنانەوەی نمونەی شعری بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتە ڕێزمانییەکان. وەک:

لێم **مەفڕن** جووت جووت مەترسن ئاخر پێتان بڵێم چیم

ڕۆژا مێرو خورتا هەلات **هاتین** ژهەوارێ تە وەلات

**هاتن** شەهیدان بە جلی سوری خوێنەوە **دەچێتە** سەر دارێ لە ڕۆژی ئینتیقام و تۆڵەدا

لەم دێرە شیعرانەدا, وشە هێڵ بەژێردا هاتووەکان (کار)ن کەوتوونەتە سەرەتاوە, ئەمەش لادانی ڕستەسازی دروست کردووە, پێچەوانەی یاسایە, لەبەرئەوەی (کار) لە زمانی کوردی بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە کۆتایی ڕستە و بۆیە پێویستە بکەوێتە کۆتایی دێرە شیعرەکان. ئەمەش یاسای ڕیزبوونی کەرەستەکانی تێکداوە. بۆیە ناکرێ زمانی شیعر بکرێتە بنچینەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی یاسا ڕێزمانییەکان, لەبەرئەوەی زمانی شیعر لەگەڵ زمانی ڕێزمان جیاوازە.

7-2) پۆلێنکردنی بەشەکانی ئاخاوتن:

بەشەکانی ئاخاوتن لەهەر زمانێک وەک پێویستییەکی سەرەکی بۆ ڕاییکردنی یاساکانی ڕێزمان فەراهەم کراون, بەڵام مەرج نییە گشت زمانەکان هەمان ژمارەو بەشە ئاخاوتنیان هەبێت, لەبەرئەوە کارێکی ئاسایییە بەشەئاخاوتنێک لە زمانێک هەبێ و لە زمانێکی دی نەبێ, ئەمەش بۆ جیاوازی توخم و کەرەستە ڕێزمانییەکان دەگەڕێتەوە.

مەرج نییە هەموو زمانەکان ئەو هەشت بەشەئاخاوتنە بەیەک دەستە وەربیگرن, بەڵکو ئەو ژمارەیە بەپێی سیستەم و کەرەستە پێکهێنەرەکانی خودی زمانەکە دەگۆڕدرێت, بەڵام کردەی لاساییکردنەوە لێکۆڵینەوە یەک لەدوای یەکەکانی بەو ئاراستەیە بردووە ئەم دابەشکردنانە چەندینجار دووبارەبکرێنەوەو بەسەر زمانەکاندا بچەسپێن.**(شوانی, 2009, 15)**

لەم بازنەیە حەوت جۆر لە بەشەکانی ئاخاوتن بەرچاو دەکەوێت وەک بابەتێکی سەربەخۆ باسیان لێوە کراوە, ئەمانەن: (ناو, کار, ڕاناو, ئاوەڵناو, ئاوەڵکار, چاوگ, ئامراز.)

دەکرێ لەم بازنەیەدا هەندێ بەشە ئاخاوتنی دیکەش دەستنیشان بکرێن, وەک: نیشانەکانی ( ناسراوی و کۆ) هەروەها گیرەکەکان وەکو (پاشگر و پێشگرەکان) لەبەرئەوەی هەریەک لەوانە دەتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن, بەنموونە نیشانەکانی (ناسراوی و کۆ) ڕۆڵی خۆیان دەبینن, هەروەها پاشگر و پێشگرەکان لە داڕشتنی وشەی نوێدا, ڕۆڵیان هەیە. بۆیە دەشێ ژمارەی بەشە ئاخاوتنەکان زۆر لە ژمارەی هەشت کەمتر و یان بە پێچەوانەوە زۆر زیاتر بکرێن, ئەویش بە پێی سیماو کەرەستەکانی زمانەکان دەگۆڕێت, لەبەرئەوەی هەموو زمانەکان لە ڕووی یاساو دەستوری ڕێزمانی وەک یەک نین.

بۆیە کارێکی ئاساییە بەشە ئاخاوتنێک لە زمانێک نەبێت, بەڵام لە زمانێکی دیکە هەبێت, هەروەها دەکرێ وشەیەک یان چەند وشەیەک بەر دوو یان سێ یان چوار بەشە ئاخاوتنی جیاواز بکەوێت. وەک:

جوان کچێکی ژیرە. ⟵ ناو

یاریزانەکە جوان یاری دەکات. ⟵ ئاوەڵکار

کراسێکی جوان بکڕە. ⟵ ئاوەڵناو

جوانکردنی شار ئەرکی حکومەتە. ⟵ چاوگ

تامکردنی چێشتەکە پێویست بوو. ⟵ چاوگ

کابانەکە چێشتەکەی بەگەرمی تامکرد. ⟵ کار

تامی چێشتەکە خۆش بوو. ⟵ ناو

چێشتەکە بەتام بوو. ⟵ ئاوەڵناو

**8-2)** نەبوونی تیۆری زمانی:

بابەتە ڕێزمانییەکانی ئەم بازنەیە, جۆرێک لە شپرزەیی و ناڕوونی تیادا بەدی دەکرێت. لەبەرئەوەی ڕێزمانی ئەم کتێبانە لەگەڵ گەشەسەندن و گۆڕانکارییەکانی زمان و ئاستی زمانەوانی برەویان پێنەدراوە. لەئەنجامدا لیژنەکانی وەزارەتی پەروەردە هەندێ جار توشی هەڵەی وەسفی بوونە لە نوسین وڕاڤەکردنی بابەتە ڕێزمانییەکاندا.

دەکرێ ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێندرێتەوە کەوا ئەم ڕێزمانە بەر کاریگەرییەکانی ڕێزمانی دێرین کەوتبێت, لە دانان و ڕوونکردنەوەی پێکهاتە و توخمە ڕێزمانیەکان پشتی بەهیچ تیۆر و قوتابخانەیەکی زمانەوانی نەبەستووە, بەڵکو هەر لەژێر کاریگەری ڕێزمانی دێرین گوزەری کردووە. چونکە تیۆر و قوتابخانە زمانەوانییەکان لەئەنجامی کەموکورییەکانی ڕێزمان هاتوونەتە ئارا, هەروەها بۆ مەبەستی لەقالبدانی بابەتی ڕێزمانی سەریانهەڵداوە. لەبەرئەوەی ئەگەر بەپێی تیۆر کاربکرێت سنور و چوارچێوەی ڕێزمان بەشێوەیەکی زانستییانەتر خۆی دەردەخات.

**ئەنجامەکان:**

1- سەرەتای درککردن بە بیری زمانەوانی, بۆچوونی زمانەوانی بەهەر شێوازێک بێ هەبووە, بەڵام وەک زانستێکی سەربەخۆ خۆی نەنواندووە, تێکەڵ بە فەلسەفە بووە.

2- ڕێزمانی دێرین مێژوویێکی کۆنی هەیە, لەسەردەمی هیندییەکانەوە دەستپێکردووە. ئەم ڕێزمانە مەودا درێژترین قوتابخانەی زمانەوانییە, تاکو ئێستا بنەماو بۆچوونەکانی بۆ لێکدانەوەی یاسا زمانییەکان بەکارهاتوون.

3- ڕێزمانی دێرین چەند پێوەرێکیان کردبووە بنەماو سەرچاوەی کارەکانی خۆیان, کە ژمارەیان (8) بنەماو بۆچوون بووە. یەکێک لە گرنگترین ئەو بنەمایانە کە کردبوویان بە سەرچاوەو بنەمای کاری خۆیان بریتی بوو لە:

أ- ئەم ڕێزمانە ڕێزمانێکی فەرماندەرانە بووە تا وەسفی بێت. ب- هەرهەبوویی و نەگۆڕی یاساکانی ڕێزمان.

4- ڕێزمانی پۆلەکانی بازنەی سێیەم, بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری ڕێزمانی دێرینی بەسەرەوە دیارە, بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین زۆربەی بنەماکانی ڕێزمانی دێرین لەم بازنەیەدا بەرجەستە دەبن, بەڵام بەرجەستەبوونەکە ڕێژەییە.

5- ڕێزمانی بازنەی سێیەم لە سەرەتای نوسینییەوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی دانەڕێژراوە, لەبەرئەوەی لیژنەی دانانی کتێبەکان پسپۆرییەکی وردی زمانیان نەبووە, بەڵکو هەریەک لەوانە پەروەردەی حوجرە بوونە, هەروەها هەندێکی دیکەیان لەژێر کاریگەری ڕێزمانی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ڕوسی کاریان کردووە.

6- ئەم ڕێزمانە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئێستا گۆڕانکارییەکی گەورەو ڕیشەیی بە خۆیەوە نەبینیوە, سەرباری سەرهەڵدانی چەندین تیۆرو قوتابخانەی زمانەوانی نوێ.

## سەرچاوە کوردییەکان:

- باطنی, محمد رضا (1993), نگاهی تازه به دستور زبان, و: حەسەنی قازی لە: فارسی, چاپەمەنی ئازاد, سوید.

- تاڵەبانی, موکەڕەم ڕەشید (2008), دەستوری شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر.

- حەسەن, مستەفا قادر (2010), کارتێکردنی هەندێ لایەنی سینتاکسی زمانی فارسی لەسەر زمانی کوردی, ماستەر نامە, زانکۆی سەلاحەدین, کۆلێژی زمان, هەولێر.

- دانش پژوه, فاطمه (2020), ئێرگەتیف لە زمانی کوردیدا, و: شێروان حسێن خۆشناو, لە: فارسی, ناوەندی ئاوێر, هەولێر.

- ڕەسوڵ, عەبدوڵا حوسێن (2014), کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی, دووەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتی زانستی (کۆلێژی پەروەردە- ئیبن روشد, زانکۆی بەغدا.

- سابیر, پەرێز (2016), ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- شوانی, ڕەفیق (2009), زمانەوانی کۆمەڵێک وتار, چاپخانەی خانی, دهۆک.

- عەلی, تالیب حوسێن (2014), زانستی زمان و زمانی کوردی, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر.

- فەتاح محەمەد مەعروف (2010), لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان, کۆکردنەوەو ئامادەکردنەوەی, شێروان حسێن خۆشناو, شێروان میرزا قادر, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر.

-فەرهادی, ساجیدە عەبدوڵلا(2013), چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر.

- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە (2019), زمان و ئەدەبی کوردی, پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی.

- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە (2019), زمان و ئەدەبی کوردی, پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە (2019), زمان و ئەدەبی کوردی, پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی.

- موسی, عەبدولوەهاب خالید و کەسەر یاسین محەمەد (2013), ب کارهینانا فۆنیمان د ناڤبەرا (ک. س) و (ک. ن)دا, کۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زمانی کوردی بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری, هەولێر.

- مەعروف, عەبدولجەبار مستەفا (2010), دروستەی فرێزلە زمانی کوردییدا, مەڵبەندی کوردۆلۆجی, سلێمانی.

- ناوخۆش, سەلام (2010), زمانەوانی,بەرگی شەشەم چاپخانەی منارە, هەولێر.

-هەرشەمی, شاسوار (2009), هەندێک زانیاری گشتی لە بارەی زمانەوە, چاپخانەی ڕەنج, سلێمانی.

### سەرچاوە ئنگلیزی و عەرەبییەکان:

- السعران, محمود(ب-س, ط), علم اللغة مقدمة للقارئ العربي, دار النهضة العربية للطباعة, بيروت.

- آن بافو, ماري و جورج إليا سلفاتي (2012), النظريات اللسانية الكبرى من النحو المقارن إلى الذرائعيـة, ت: محمـد الـراضي, مـن الأنكليزيـة, إعـداد المنظمـة العربية للترجمة, بيروت.

- دراج, أحمد عبدالعزيز (2003), الاتجاهات المعاصرة فى تطور دراسة علوم اللغوية, مكتبة الرشد, الرياض.

- شنوقة, السعيد (2008), مدخل الى مدارس اللسانية, دارالسلام الحديثة, قاهرة.

- مؤمن, أحمد, (2005), اللسانيات النشأة والتطور, ديوان المطبوعات الجامعية, الجزائر.

- هاريس , روى و تولبت جى تيلر,(2004), أعلام الفكر اللغوى (ترجمة: أحمد شاكر الكلابى, من الانكليزية (ليبيا, دار الكتاب الجديد المتحدة).

- Thos, Davidson;(1874) THE GRAMMAR OF DIONYSIOS. THRAX (USA: Penn State University Press.

**انعكاس قواعد اللغة التقليدية على الدائرة الثالثة**

**قيس كاكل توفيق**
جامعة سوران- فاكلتي الآداب
qais.kakl@soran.edu.iq

**عباس مكايل سليم**
تربية سوران
abassaty2@gmail.com

**ملخص**

هذا البحث إنما هي محاولة لتحليل و إظهار تصورات القواعد التقليدية، فقد جاهد البحث التعرف بالقواعد التقليدية وتوضيح وبيان تصوراته ومقوماته. إن بداية إدراك الفكر اللغوي أو التصورات اللغوية كانت موجودة عبر الأزمنة بشكل من الأشكال، إذ أنه لم يظهر كعلم مستقل، لكنه كان يضم ويحتوي بعض التصورات مع بعض الأساليب، حيث كان يُستَعمل لتحليل القواعد اللغوية وكان ذو فائدة كبيرة للعلم اللغوي.

وبعد تثبيت وترسيخ القواعد اللغوية كعلم مستقل ظهرت فيه العديد من مكامن النقص والخلل وصوبت نحوه العديد من الانتقادات، مما تسبب بظهور العديد من المدارس والنظريات والتصورات اللغوية. ولكن هذا لا يعني أن لا يؤخَذ بنظر الاعتبار محاولات اللغويين القدامى أو الاستنقاص من مجهوداتهم، خصوصا من ناحية إنشاء القواعد اللغوية، كونهم خطوا خطوات جبارة وأصبحت محاولاتهم أساس وقاعدة البناء لبحوث اللغويين.

**كلمات المفتاحية**: تأريخ قواعد التقليدية, عناصر قواعد التقليدية, كتب الدائرة الثالثة.

**Reflection of the traditional grammar on the the third circle**

**Qais Kakl Tofiq**
Faculty of Art - Soran University
qais.kakl@soran.edu.iq

**Abbas Makail Saleem**
Soran Education
abassaty2@gmail.com

**Abstract**

This research is an attempt to analyze and show the perceptions of the traditional grammar, to identify the traditional grammar and clarify its principles and perceptions. The beginning of the realization of linguistic thought has existed through time in some forms, but it did not appear as an independent field of studying, as the traditional grammar held some conceptions with some methods, was used to analyze linguistic rules and was of great benefit to linguistics.

After linguistics came to be known as an independent field of study, many shortcomings and flaws were emerged, and the traditional grammar received a lot of criticisms, which caused the emergence of many schools, theories and linguistic perceptions. But that does not mean that the attempts of the ancient linguists should not be taken into consideration or underestimating their efforts, especially in terms of grammar structure and linguistic rules, as they have taken giant strides and their attempts have become the basis and foundation for the research of linguists.

**Keywords**: history of traditional grammar, bases of traditional grammar, the books of third circle.